# بەكام یاسا هەرێمێك دووئالاّی هەبێ

چنار نامق

ماوەیەكە ماخۆلانێك لەنێو نووسەراندا درووست بووە ، بووەتە هۆی گفتوگۆ لەمەر ئالاّی كوردستانەوە ، وەلێ من نامەوێت سەبارەت بە رەنگ ویاسا و تایبەتمەندێتی ئالاّكەمان بدوێم ،چونكە پێم وایە لەم قۆناغەدا مەسەلەیەكی گرنگتر هەیە كەهەنگاوی جدی وبریاری تەواوی دەوێت ، هەڵبەتە هەر یەك لەئێمە بۆچوونی تایبەتی خۆمان هەیە سەبارەت بەوشەی ئالاّ ، خۆ ئەگەر نەیارانیشمان ئەم پیرۆزییەیان لە تێهزرینماندا چاندبێت ئەوە رێگە لەوە ناگرێت لە ئەمرۆدا ئەم بۆچوونە بەرامبەر بە ئالاّی كوردستان پیادە بكەین وسەری رێز و نەوازشی بۆ دانەوێنین ، لەدوێنێی سەردەمی بەعسی فاشیزمدا فێریان كردین چۆن رێز لەو ئالاّیە بگرین كەلەژێر ساباتیدا دەچەوسێنراینەوە ، ئەم بیرەیان قۆناغ بەقۆناغ لەگەڵماندا پەروەردە كرد ، تا ئەودەمەی رۆژێك باوكم پێی وتم رۆڵە راستە ئالاّ پیرۆزە

بەلاّم ئەمە ئەو ئالاّیە نییە كەدەبێت ئێمەی كورد پیرۆزی كەین و لەئاستیدا سەر دانەوێنین ، ئێمەش ئالایەكمان هەیە ، دەشێ رۆژێ لەرۆژان بەسەركەشی

بەسەرماندا بشەكێتەوە ،بەڵێ ئەودەم ئەو مەسەلەیە نەك تەنها لەهزری منی
مندالّ بگرە لەلای خودی باوكیشم خەون و یوتووبیابوو
وەلیّ بە تێپەربوونی كات ئەو هیوایەمان هاتە دی وئێمەش وەكو گەلانی جیهان
پەرچەمی خاوی ئالأمان بەسەر هەرێمەكەمانداشەكایەوە كە ئەم دەسكەوتە
بەرەی رەنجی تێكۆشان وخوێنی
شەهیدانە ، وەلیّ ئەوەی جێگەی داخە و تۆوی نیگەرانی لەدلّی مرۆڤدا دەچێنێت
لەنێو ئەم هەرێمەئازادەدا لەهەندیّ شوێن ئالأیەك شان بەشانی ئالأكەمانەوە بالاّ
دەكا و دەشەكێتەوە وهەندیّ جاریش بەرزتر خۆی دەنوێنی ئەوەی كەجێی
تێرامان وپرسیارە تاكو ئەمرۆ سەبارەت بەو مەسەلەیە پلانێكی دارێژراومان
نییە و وا پێدەچێت نەبامان دیبیّ ونەباران ولەسایەی ئەو ئالأیەدا تووشی هیچ
نەهامەتییەك نەهاتبین ، خۆ ئەگەر ئەو ئالأیەش ویژدانی هەبا بەدیتنی سیمای
كەسەربامان دەهاتە گۆ ، بێگومان كۆكی وتەباییمان لەم مەسەلە بنەرەتییەوە
دەبیّ دەس پێبكات و سەرچاوە بگرێت ، ئا لێرەدا من دەپرسم قوتابیان
وخوێندكارەكانمان فێربكەین كامە ئالاّ هەلّ بكەن وكام ئالأیان خۆشتر بوێت
،ئالأی كوردستان یان عیراق بابیخەینە دەنگدانەوە و لە زانكۆی كۆیە بپرسین
،ئەو زانكۆیەی كەئالأی بەعس ناناسێت ،چونكە تەمەنی چوارساڵە و لەكەشێكی
ئازاددا چاوی بەژیان هەڵهێناوە ، كەچی لەرۆژی یەكەم كەرنەڤالّی دەرچووانیدا
دوو ئالأی بەسەردا دەشەكایەوە ، هەرچەندە من زۆر دڵنیام كەوا شارەكەی
حاجی یەك ئالأی دەوێت